# چەند پەند وئامۆژگاریەک لە ماڵئاوایی ساڵی 1430 کۆچیدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچوونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2009 - 1430

islamhouse.com

# ﴿ دروس وعبر من انتهاء عام 1430هـ ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2009 - 1430

islamhouse.com

# چەند پەند وئامۆژگاریەک لە ماڵئاوایی ساڵی 1430 کۆچیدا

سوپاس وستایش بۆ ئەو خودایەی کە خالقی زەوی وئاسمانەکان وئەو سات وکاتانەشە کە بەسەر ئێمەو تەواوی مەخلوقاتدا تێدەپەڕێت، ودردود ورەحمەتی فراوانیش بۆ سەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وئال و بەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوات لەگەڵ بێت ساڵی 1430 کۆچی ئەی ئەو ساڵەی هەموو سات و چرکە وکاتێکت بریتی بوو لەتەمەنی دیاری کراوی ئێمە، ئەی ئەو ساتانەی لەگەڵ هەموو هەنگاوێك ولەگەڵ هەموو خوا حافیزیەك، تەمەنی ئێمەش بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین خواحافیزیمان لێدەكات، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو لەگەڵ هەر هەناسەیەك ژمارەی ئەو نەفەس وهەناسانەی كە پەروەردگار بۆی دیاری كردووین كەم دەبێتەوە تادەگاتە كۆتا هەناسە وپاش ئەوە ئیتر هەناسەی بەدوادا نایەت .

خوشك وبرایانی ئازیز وخۆشەویست ئێستا ساڵێكی تەواو بەسەر تەمەنی هەر یەك لە ئێمە تێپەڕی، دونیا وئەوەشی لە دونیادا هەیە بە ئێمەی ئادەمیزادیشەوە ساڵێك لە مردن وهاتنی قیامەت نزیك بویەوە، جا خۆش بەختی وسەرفرازی بۆ ئەو كەسانەی كە لەماوەی ئەم ساڵەدا توانیان بە جوهد وتێكۆشانیان پەروەردگاری باڵادەست لەخۆیان ڕازی بكەن، وقیامەتی نەپراوەی پێ ئاوەدان بكەنەوە، خەسارۆمەندی وتیاچونیش بۆ ئەو كەسانەی كە بێ ئاگایانە لەگەڵ ئەم تەمەن وئەم ساڵەدا هەڵســوكەوتیان كرد ولەسەرپێچی وبێ فــەرمانی خــوای گەورەدا بەسەریان برد .

خوات لەگەڵ بێت ئەی ئەو ساڵەی لەگەڵ دەست پێ كردنی مانگەكانی ئاسمانت كە لەسەرەتاوە بەبچوكی دەست پێ دەكات وەك تەمەنی كۆرپەیەكی ساوا، پاشان ووردە ووردە زیاد دەكات وتا دەگاتە ئەو پەڕی جوانی و كەماڵ لەشەوی چواردەدا وەك تەمەنی گەنجێكی چواردە ساڵ خۆی دەنوێنێت، دواتر هێواش هێواش ولەسەر خۆ بەرەو تەواو بوون وبچوك بونەوە دەڕوات وەك تەمەنی ئەو پیرە مێردەی كە هەنگاوەكانی لەگەڵی نایەن، بەڵی هەموو شتیك پاش تەواو بوون بەرەو ونەمان و فەنا بوون دەروات زاتی حەق تەعالای خوا نەبێت **( كل شىء هالك إلا وجهه )** .

هەورەها ڕۆژەكانیشمان دەست پێ دەكەن بەهەڵهاتنی خۆر لە ڕۆژ هەڵاتەوە كۆتایشیان دێت بەئاوابوونی لە ڕۆژ ئاواوە،ئەمەش وەك ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەموو شتێك كۆتاییەكی هەیە جگە لەخالقی زەوی وئاسمانەكان كە شایانی هەموو بەندایەتی وپەرستنێكە.

ئازیزان : ئەوە تەمەنی ئێمەیە ڕوو لە كۆتا بوون دەكات نەك ساڵ ومانگەكان، بۆیە ڕاستر وایە ئێمە ماڵئاوایی لەتەمەنی خۆمان بكەین، چونكە كێ دەڵێت ئێستا بەو لاوی وگەنجیەتیەشەوە كاسەی تەمەنمان نیوە نەبوویێت، بگرە هێندەی نەمابێت بۆ پڕ بوونیش بەبێ ئەوەی ئێمە بەخۆمان

بزانین، هەزار درودیش لەسەر گیانی پێغەمبەری ئازیزمان بێت کە دەفەرموێت : (( **خيركم من طال عمره وحسن عمله** )) { رواه البيهقی فی سنن الكبرى } واته : باشترین وپڕ خێرترینتان ئەو کەسەیە کە تەمەنی درێژ بوو وکـــاروکردەوەشـی چاك وباش بوو .

خوات لەگەڵ ئەی ساڵی کۆچی، ئەی ئەو ساڵەی کە مێژووی پڕ سەروەریت بۆ کەڵە پیاوانی ئەم ئومەتە لە نێو خۆتدا تۆمار کردووە، لەگەڵیشیدا مێژووی کەسانی یاخی وسەرکەشیشت فەرامۆش نەکردووە، خوات لەگەڵ بێت ومالئاوا، پێغەمبەریش ئامۆژگاریمان دەکات ودەفەرموێت : (( **كـن فــي الدنيا كأنك غريب أو عــابر سبيل** ))حديث صحيح، أخرجه البخاري في صحيحه ( 11 / 237 – فتح )، وابن أبي عاصم في الزهد ( 185 )، وأبونعيم في حلية الأولياء ( 3 / 301 )، وابن حبان في صحيحه ( 2 / 471 / 698 )، والبيهقي في السنن الكبرى ( 3 / 369 )، وشعب الإيمان ( 7 / 261 و262 / 10244 و10245 ) واته : لەدونیادا وەك کەسێکــی غەریب یـــان وەك ڕێبوارێك بژی، دەگێڕنەوە کـەئەبوهورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەســەرەمەرگیدا دەستی کرد بەگریان، لێیان پرسـی بۆ دەگریەیت؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : " سوێند بێت بەخوا بۆ ئەوە ناگریەم کە لەدونیا دەردەچم وبەجێی دەهێڵم، بەڵکو بۆ ئەوە دەگریم نازانم  پاش مردن چی چاوەڕوانم دەکات بەهەشـت یان دۆزەخ " !!! بەڵی خۆشەویستان پیاوانی پێشینی ئەم ئومەتە ئاوا لەگەڵ دونیا ژیاون، هەر بۆیە بەئەندازەی ئەوە نرخی دونیایان لابوە کە بەفورصەتی بگرن لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی قیامەت ودواڕۆژیان ئەویش بە خودا لەخۆڕازی کردن وتێکۆشـان لەپێناویدا بەهەموو شێوازێك .

خوات لەگەڵ ..... لەگەڵ هەموو خواحافیزیەکیش شادومانی وخۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کە نامەی کردەوەکانی بەدەستی ڕاستی وەردەگرێت وهاوار دەکات و دەڵێت : ( هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَـٰبِيَهۡ ) ها ئەوەتانێ نامەی کردەوەکانم بخوێننەوە، ڕوو زەردی وشەرمەزاریش بۆ کەسێك نامەی کردەوەکانی دەدەنەوە دەستی چەپی و لەشەرمەزاری وداخ و خەفەتدا ئەڵێت : ( ... يَـٰلَيۡتَنِى لَمۡ أُوتَ كِتَـٰبِيَهۡ (٢٥) وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ (٢٦) يَـٰلَيۡتَہَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ) ئای خۆزگە و کاشکا ئەم نامەیەم وەرنــەگرتایە * بریا هەرنەمزانیبا لێپرسینەوەکەشم چۆنە* ئای خۆزگە کۆتای پێ دەهات ونەدەما.

خۆشەویستان مرۆڤ هەرچەند تەمەنی درێژ بێت هەر دەپڕێتەوە، ئەو ڕۆژەشی کە لەدونیا دەردەچیت وەك ئەوە وایە هەر نەژیابیت جا لەبەر ئەوە بەجۆرێك بژی هەرگیز لەپاش خۆت پەشیمان نەبیت لەوەی کە کردووتە، حەزرەتی نوح ( عليه السلام ) لەگەڵ ئەوەی کە 950 نۆ صەد وپەنجا ساڵ تەنها خەریکی بانگەوازی یەکتاپەرستی بووە لە پێناو خوای گەورە بۆیە کاتێك پرسیاری ئەو ڕۆژانەی ژیانیان لێ کرد کە لەدونیادا بەسەری بردووە، لەوەڵامدا فەرمووی : وەك ئەوە وابوو بەلامەوە کە لەدەرگایەك چووبوومە ژوورەوە ولەدەرگاکەی تریەوە هاتبمە دەرەوە، جا ئەگەر ئەوە ووتەی پێغەمبەرێکی ئولو العزم بێت بەرامبەر دونیا، دەبێت ئێمەی گوناهباری تەمەن کورت بڵێین چی ؟!!

خوا حافیز ئەی ساڵی کۆچی هەموو ئەو ڕۆژانەی کەبەسەرمان برد وەك خەوێکی قوڵ وابوون، ئەوەشی کە ماوەتەوە هەمووی ئاوات وخۆزگەی بێهوودەن، تەنها ئەوە نەبێت کە مرۆڤ خوای گەورە

موەفەقی بکات ویارمەتی بدات بتوانێت پەندێك لە رابردوو وەربگرێت و چاوێك بە لاپەڕەکانی تەمەنیدا بخشێنیت وپەشیمانی دەبڕێت لەبەردەم پەروەردگاریدا وداوای لێخۆش بوون بکات لەو گوناهـ وتاوانانەی کە کردوونی بەئومێدی ئەوەی پەروەردگار بەرەحم وکەرەمی خۆی تەوبەکەی لێوەربگرێت وسەرجەم تاوان وخراپەکانیشی بۆ بگۆڕیت بە چاکە وحەسەنات وەك دەفەرموێت : ( **إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا** ) { سورەی الفرقان :70 } پێشتر باسی ئەوە دەکات ئەو کەسانەی کە خراپەکار و داوێن پیسن خوای گەورە سزاکەیان بۆ چەند قات دەکاتەوە جگە لەو کەسانە نەبێت کە تەوبە دەکەن ودەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و کاروکردەوەی چاکە دەکەن ئەو کەسانە پەروەردگار سەرجەم خراپە و تاوانەکانیان بە ڕەحم و بەزەیی خۆی بۆ دەگۆڕیت بە چاکە وکردەوەی باش، ئەویش لەبەر ئەوەی خوای گەورە زۆر بە سۆز و بەڕەحم ومیهرەبان و لێبووردەیە .

ئـــاااااای تەمەن چەند خۆش وئاسودەیی یە بۆ کەسێك کە لەطاعەت وگوێرایەڵی پەروەردگاریدا بەسەری بەرێت ..... لە دونیادا ئاسوودە ودڵخۆش لە قیامەت ودواڕۆژیشدا سەرفراز وروو سووری هەتا هەتایی، .

ئەی پەروەردگار : دڵی ڕەش بوو بەتاوان وڕۆحی ماندوو بە گوناهـ ودەستی لاوازمان بۆ ئاسمان بەرز دەکەینەوە وئەپاڕێینەوە لە دەرگای پڕ سۆز ومیهرەبانی تۆدا کە لەتاوان وگوناهەکانمان خۆش بیت وبمانگێڕیت لەو کەسانەی تەوبەیان لێوەردەگریت، ویارمەتیدەریشمان بیت کە ساڵی نوێ وئەو تەمەنەشی کە ماومانە لەدونیادا لە طاعەتی تۆدا بەسەری بەرین ( ئامین یارب العالمین )

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته